# کاتی هەڵبژاردنی خوێندنگایە

بەو زووانە منداڵەکەت پێشنیازێک وەردەگرێت لەبارەی شوێنێک لە پۆلیٚ باخچەی مندالإنی شارەوانی. لە کاتێک ئەتۆ ئەو زانیاریەت وەرگرتووە دەبێت یان بە سوپاسەوەی ویستن یان نەویستنی شوێنەکە بکەیت یان لە جیاتی ئەوە هەڵبژێریت کە وەدوای خوێندنگایەکی دیکە بگەڕێیت بۆ منداڵەکەت.

ئەوە گرینگە کە وڵام بدەیتەوە بۆ ئەوەی خوێندنگا بزانن چەند منداڵ دەست پێدەکەن لە ئەو پۆلە تازە بۆ پائیزەکە.

## بەم شێوە دەکەیت

- پڕۆ نێوە ماڵپەڕی eskilstuna.se/skolval ، لەویٚ خزمەتگوزاریی ئەلەکترۆنیکیی ئێمە هەیە بۆ هەڵبژاردنی خوێندنگا. لەویٚ نووسراوە ئەتۆ چۆن دەڕۆیتە ژوور و هەڵبژاردنی خۆت دەکەیت. لەو خزمەتگوزاریی ئەلەکترۆنیکییە دەبێت بە سوپاسەوە ویستن یان نەویستنی شوێنەکە بەکەیت یان وەدوای خوێندنگایەکی دیکە بگەڕێی ”sök annan skola” هەڵبژێریت. ئەگەر بە سوپاسەوە نەویستنی شوێنەکە بکەیت منداڵەکەت لە پۆلی باخچەی مندالإن دەست پیٚ ناکات.
- ئەتۆ کە داوای شوێنت بۆ منداڵەکەت کردووە لە خوێندنگای ئازاد و شوێنت وەرگرتووە دەبێت پڕۆیتە ژوور لە خزمەتگوزارییە ئەلەکترۆنیکییەکە و وەدوای خوێندنگایەکی دیکە بگەڕیٚ ”sök annan skola” هەڵبژێریت و یەکینەی خوێندنگا باقی خوێندنگای سەرەتایی هەڵبژێریت.
- ئەگەر دەتەوێت منداڵەکەت شوێنی هەبێت لە بنکەی چالاکیی کاتی ئازاد دەتوانیت ئەوە هەڵبژێریت لە کاتی هەڵبژاردنی خوێندنگا لە خزمەتگوزارییە ئەلەکترۆنیکییەکە.
- ئەگەر منداڵەکەی ئەتۆ دوو سەرپەرشتی هەیە دەبێت هەردووکیان پڕۆنە ژوور لە ماڵپەڕەکە هەڵبژاردنەکە بکەن.
- ئایا ناتوانیت خزمەتگوزارییە ئەلەکترۆنیکییەکە بەکار بهێنیت؟ پەیامی پۆستی ئەلەکترۆنیکی بنێرە بۆ skolval@eskilstuna.se یان تەلەفۆن بکە بۆ ژمارەی تەلەفۆنی ٠١٦ -٧١٠١٠٠٠، هەڵبژاردنی دوگمەی ٢. دواتر بژارەی **هەڵبژاردنی خوێندنگا** هەڵبژێرە. ئەتۆ هەروەها دەتوانیت سەردانی ئێسکیلستونا ڕاسەتوخۆ Eskilstuna direkt بکەیت لە شەقامی ئالڤ میردالس گاتا ٥.

## بەرواری گرینگ

**Postadress** 631 86 Eskilstuna
**Besöksadress** Alva Myrdals gata 5
**Telefon, växel** 016-710 10 00
**Webbplats** www.eskilstuna.se

- ١ی نوڤەمەمبر تا ١٦ی دیسەمبر: هەڵبژاردنی خوێندنگا بۆ پۆلی باخچەی منداڵان تا
  پۆلی ٦
- نوڤەمبر تا دیسەمبر: خانووی کراوەیی لە هەموو خوێندنگاکانی سەرەتایی شارەوانی.
  ئەتۆ لە ماڵپەڕی eskilstuna.se/skolval دەتوانیت بەرواری کاتی خانووی کراوەیی
  ببینیتەوە.
- تەرمینی بەهاری ساڵی٢٠١٧: وڵام لەبارەی شوێن لە خوێندنگا

## ئایا پۆلی باخچەی منداڵان چیە؟

پۆلی باخچەی منداڵان جۆرە خوێندنگایەکی دڵخوازانە و بەلاشە لەوێ منداڵەکەت شوێنی پێشکەش دەکەن لە خوێندنگایەک لە نێزیکیی خانووەکەی خۆی. مەبەسی پۆلی باخچەی منداڵان ئەوەیە کە منداڵانی شەش ساڵە ئامادە بکات بۆ دەست پێکردنی خوێندنگا بۆ ساڵێکی دیکەی خوێندن.

بەخێر بێن بۆ خوێندنگاکانی سەرەتایی شارەوانی ئێسکیلستوونا!